## بەشی سێ یەم :پەیوەندیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە دوایی ڕیفراندۆمی 2017 لە کابینەکانی عەبادی، عەبدولمەهدی، کازمی دا

ئەم بەشە لە سێ باس پێکدێت کەباسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا لەسەردەمی کابینەی عەبادی وە باسی دووەم لەسەردەمی کابینەی عەبدولمەهدی و باسی سێیەم لە سەردەمی کازمی ڕوونکراوەتەوە.

### باسی یەکەم: پەیوەندیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کابینەی حەیدەر عەبادی (2017-2014)

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە نیسانی 2014 دەستی پێکرد ولە حوزەیرانی 2014 ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ڕاگەیەندرا. کە تێیدا پێشبڕکێ دەکرا لەسەر 328 کورسی پەرلەمان کە لە نێویدا 8 کورسی بۆ کەمینەکان تەرخانکراوە، ڕێژەی دەنگدان گەیشتە60%، هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی (نوری مالکی)92 کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا کە توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت.وە پارتی دیموکراتی کوردستان 19 کورسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان 19 کورسی بزوتنەوەی گۆڕانیش 9 کورسی بە دەست بهێنێت. بە هۆی ئەوەی کە عورفی سیاسی وایە کە پارتی زۆرینە مافی ئەوەی هەیە حکومەت پێکبێنێت. لیستەکەی نوری مالیکیش بەهۆی ئەوەی پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو لە سەرئاستی عێراق بەڵام بەهۆی ڕازی نەبوونی زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی دیکە بە دووبارە پێکهێنانەوەی حکومەت لەلایەن مالیکیەوە بۆیە داوا لە حەیدەر عەبادی کرا کە کابینەی نوێی حکومەت پێکبێنێت[1].پاش گفتوگۆیەکی زۆر لەناو پەرلەمان هەروەکە حکومەتەکانی تری عێراق، حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی پێکهات لە ئەیلولی 2014 کە حکومەتێکی بنکە فراوان بوو و پێنج مانگ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن،لە دوای دامەزراندن حکومەت کارنامەی سیاسی خۆی بڵاوکردەوە لە گرنگترینیان :

1.پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان و بەرزکردنەوەی باری ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان.
2.ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

3.چاککردنی دام و دەزگاکانی دەوڵەت......هتد[2]. بەهۆی پشتگوێخستنی کورد و برینی بەشە بودجەی هەرێم لە 2014 لە لایەن (نوری مالکی) سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، کاتێ حکومەتی نوێ پێکهات هیوایەکی بە خەڵکی هەرێم بەخشی کە بتوانێت کۆتایی بەبڕینی پشکی بودجەی هەرێم بهێنێت. بە تایبەت کاتێ وەزارەتی نەوتی عێراق بە (عادل عەبدولمەهدی) سپێردرا کە "دۆستی کوردە". مەهدی ڕۆڵێکی ئیجابی هەبوو لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی هەولێر و بەغدا لە تشرینی دووەمی 2014 کە دواتر ئەم ڕێکەوتنە لە یاسای بودجەی عێراق2015پەسەندکرا، ئەم ڕێکەوتنە پەیوەست بوو بە ناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە،بەڵام دواتر بەهۆی پابەندنەبوونی هەردوولاوە ڕێکەوتنەکە جێبەجێنەکرا[3].
بەڵام دواتر ئەوەی کە تێبینی دەکرا سیاسەتی عەبادی درێژە پێدەری سیاسەتەکەی مالیکیە، پەیوەندی هەولێر وبەغدا لەسەردەمی عەبادی هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینی.لە دوای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و داگیرکردنی بەشێکی خاکی عێراق و هەرێم، دروستکردنی هاوپەیمانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و لە کاتێکدا دوژمنیان هاوبەشە بەڵام بەغدا ڕازی نەبوو کە وڵاتانی دەرەوە ڕاستەوخۆ چەك و تەقەمەنی و هاوکاری ڕەوانەی هەرێمی

---

[1] م.دڵخواز اسماعیل عزیز،نجیبە ئیبراهیم احمد،وانەکانی پەرەسەندنە سیاسیەکان لە عێراقی هاوچەرخداو پەیوەندیە هەرێمایەتیەکانی،قۆناغی دووەمی کۆلێژی زانستە سیاسیەکان،ساڵی 2018-2019،لا23-24.
[2] م.دڵخواز اسماعیل عزیز،نجیبە ئیبراهیم احمد،هەمان سەرچاوە،لا24.
[3] ئەلەند مەعوی (مەحوی) ،هەرێمی کوردستان لەبەردەم بژاردەی سەربەخۆیی ئابوریدا،ژووری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان،ساڵی 2015،لا3.

**Commented [ar1]:** ئەنجامدرا
**Commented [ar2]:** پێویستە لێرە ئاماژە بە سەرچاوە بکەی چونکە ئاماژەت بە داتا و زانیاری کردووە.
**Commented [ar3]:** ئاماژە بە ناوی لیستەکەی بکە.
**Commented [ar4]:** ؟
**Commented [ar5]:** بە بڕیاری
**Commented [ar6]:** پێش دست بەکاربوونی عەبادی وەکو سەرۆک وەزیران داعش لە مانگی ٦ ی ٢٠١٤ هێرشی کردبوو.

کوردستان بکەن، بەڵام ئەمە نەبوە هۆی سنووردارکردنی چەك و هاوکاری وڵاتان بۆ هەرێم، لەم قۆناغەدا هەولێر وەك پایتەختی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەرکەوت[4]. وە پێشمەرگە وەك بابەتێکی ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا لەم قۆناغەدا وەك هێزێکی کاریگەر بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تیرۆر ڕۆڵی هەبوو ڕەوایەتیەکی نێودەوڵەتی وەرگرت بوو تەنانەت ئەمریکا ڕاستەوخۆ ڕێکەوتنامەی لەگەڵ هەرێم واژۆکرد بۆ بەشداریکردنی هێزی پێشمەرگە لەشەڕی موسڵ[5].

عەبادی کۆمەڵێك کێشەی سەردەمی مالیکی بۆ بەجێمابوو، هەرچەندە عەبادی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن دا چەندین بەڵێنی بە کورد و عەرەبی سونەدا. بەڵام چەند ماگێك دوای دەستبەکاربوونی وەك درێژە پێدەری مالیکی دەرکەوت لە کاتێکدا کوردەکان بەشداربوون لە پێکهێنانی حکومەتەکەی. وە هیچ هەنگاوێکی بۆ گەڕاندنەوەی بودجەی بڕاوی هەرێمی کوردستان نەنا و لەژێر ناوی چاکسازی دا پۆستەکانی جێگری سەرۆك وەزیرانی لادا کە یەکێکیان پشکی کورد بوو، وەپۆستی سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق کە پشکی کورد بوو لە کوردی سەندەوە، وە سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق کە پشکی کورد بوو لە لایەن (بابەکر زێباری) بەڕێوەدەبرا هەڵسا بە خانەنشینکردنی و پۆستەکەی بەخشی بە ئەفسەرێکی عەرەبی شیحە و جێبەجێنەکرنی ماددەی 140 ی دەستوورو زۆربەی کێشەکان وەك خۆی مانەوە[6] لەکاتێکدا عێراق بە دەوڵەتێکی فیدڕاڵی دادەنرێت. لە دوایی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە لایەن هەرێمی کوردستان و ڕەتکردنەوەی لە لایەن بەغداوە. پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکی ئاسایی خۆیدا لە 25-9-2017جگە لە ڕەتکردنەوەی ڕاپرسیەکە 13 بڕیاری دەرکردکە سەرۆك وەزیران وەك فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕادەسپێرێت بە گرتنە بەری چەند ڕێوشوێنێك بەرامبەر هەرێم[7]. دواتریش لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 عەبادی بە پاساوی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بە هاوکاری حکومەتەکانی تورکیا و ئێران بەشێك لە ناوەخۆیی هەرێم هێرشی لەشکری بۆسەر هەرێم ئەنجامداو دەیان پێشمەرگە کە ئەو ناوچانەی دەپاراست لە تیرۆرستانی داعش کەوتنە بەر پەلاماری سوپای عێراق و "عەشدی شەعبی" بە ناحەق کوژران و بریندار کران، سوپای عێراق توانی پارێزگای کەرکوك و ناوچەدابڕێنراوەکان داگیربکاتەوە. دوبارە نیوەی خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی حکومەتی عێراق بەهۆی ئەم هێرشەوەماڵە کوردەکان بەتاڵان بردران و سوتێنران و دەربەدەرکران[8] سەرەڕای لە دەستدانی ڕووبەرێکی فراوانی ناوچە کوردستانیەکان ژمارەیەکی زۆری بیرە نەوتمان لە دەستدا کە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستان بوو[9].پارێزگاری کەرکوك (نجم الدين كريم)کە لەسەر پشکی کوردبوو لادرا،پارێزگارێکی عەرەب بە "وەکالەت" لە شوێنی دانرا. ئەمەش پێشەلکاریەکی ئاشکرای دەستوور و شایستەی هەڵبژاردن بوو وە حکومەت و پەرلەمانی عێراق بە هاوکاری حکومەتەکان ئێران و تورکیا چەندین ڕێکاری توندیان دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد وەك(داخستنی فڕۆکە خانەکان و خاڵە سنوریەکان) کە نارەوا و ڕەنگدانەوەی داگیرکاری و پلان دارێژراوی نوێی گەلی کوردو خەڵکی هەرێمی کوردستان و پێچەوانەی پرەنسیپی پێکهاتن بوو لە عێراق[10]. کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکانی عێراق و هەرێم لەسەردەمی کابینەکەی عەبادی ناکۆکی و لاوازی پێوە دیارە.

---

4 زریان ڕۆژهەڵاتی،ئایندەی پەیوەندیەکانی هەولێر-بەغدا لە دوای داعش،ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو،2017،لا23.

5 بەرواری بڵاوکردنەوە13-7-2016،بەرواری سەردان 7-3-2021،کات 11:23.
https://cutt.ly/CxwEcLP

6 زانا ئەنوەر دزەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا76.

7 شادمان مەلا حەسەن،سەرچاوەی پێشوو،لا88-89.

8 زانا ئەنوەر دزەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا90.

9 ئەرشەد تەها،ئابووری هەرێمی کوردستان لە دوایی ڕیفراندۆم،شرۆڤە،گۆڤارێکی وەرزی سیاسی فکریە،ژمارە 26،ساڵی2017.لا65-66.

10 زانا ئەنوەر دزەیی،سەرچاوەی پێشوو،لا77-90-91.

**Commented [ar7]:** مەبەستت چییە بابەتی ناکۆکی بوو، لەسەر چی ناکۆک بوون؟

**Commented [ar8]:** لێرە ئاماژە بەو وتاری عەبادی بکە کە بە بۆنەی سەرکەوتنی شەڕی رزگاری موسل پێشکەشی کرد لە ٩ی ١٢ ٢٠١٧ کە ئاماژەی بە شداریو قوربانی پێشمەرگە نەکرد لەو شەرە.

**Commented [ar9]:** شەڕی رزگارکردنی موسڵ

**Commented [ar10]:** کورد

**Commented [ar11]:** شیعە

**Commented [ar12]:** جوانترە بڵێیً ئەوەی کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد بریتی بوو لە سازدانی رێفراندۆم ....

**Commented [ar13]:** یان ئاماژە بە لایەنەکە بکە یان بنووسە یەکنەبوونی و یەکرێز نەبوونی کورد ... لە بواری زانستی و ئەکادیمی پێویستە بوێر بین لە وتنی راستیەکان وەکو خۆی، بۆیە پێویستە کەسی توێژەر لانگرانە نەنووسیت.

**Commented [ar14]:** جوڵاندنی هێز دژی ناوچەی سنووری خۆی کە ئەمە پێچەوانەی دەستوورە.

**Commented [ar15]:** حەشدی

**Commented [ar16]:** لە سەدا ٥١

**Commented [ar17]:** دەسەڵاتی حکومەتی عێراق کە لە ٢٠١٤ پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردبووەوە.

**Commented [ar18]:** بەشێکی هاوڵاتیان و ......

**Commented [ar19]:** بەهۆی هەڵوێستەکانی و سازادانی رێفراندۆم لە کەرکوک و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ٢٨ ی ٣ ٢٠١٧ لە بینایەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک

**Commented [ar20]:** وەکو حاکمێکی سەربازی بە زۆر سەپێنراو. ناوی راکان جبوورییە.

**Commented [ar21]:** ئاماژە بەوە بکە تا کۆتایی هاتنی کابینەکەی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن کێشەکان درێژەی کێشا و چارەسەرنەکران لەم کابینەیە.
گرنگیشە باس لەوە بکەی کە هەڵبژاردن ئەنجامدرا کورد دووبارە دەنگی دا و چووەوە بەغدا و تەنانەت دووبارو پۆستی سەرۆک کۆمار درایەوە کورد و تەنانەی دووبارە ململانی لە نیو کورد دروست بوو لەسەر یەکلایکردنەوەی ئەو پۆستە.

**Commented [ar22]:** لەو پەڕی ناکۆکی و ناسەقامگیری بوو

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کابینەی عادل عەبدولمەهدی 2019-2020

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 12ی ئایاری 2018ئەنجامدرا ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوە چوو کە پەیوەندی عێراق و هەرێم لە لاوازترین ئاست دابوو بەهۆی بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان2017 و کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017لە لایەك و سیاسەت و ڕەفتاری تاك لایەنەی تائیفی زۆینەی شیعی و سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق (حەیدەر عەبادی) لە لایەکی دیکەوە وایکردوە کە پێگەی کورد لە بەغدا لاوازتر لە جاران بێت و پەیوەندیەکی نا هاوسەنگ دەربکەوێت[11]، ژمارەیەکی زۆر لە قەوارەو هاوپەیمانێتی و پارتی سیاسی پێشبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی 329کورسی ئەنجومەنی نوێنەران و 9کورسی بۆ کەمینەکان،کۆمەڵێ هاوپەیمانی لەم هەڵبژاردنە پێکهێنرا لە لایەنی شیعە هاوپەیمانیەکانی وەك هاوپەیمانێتی نەسر(ائتلاف النصر)بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی و هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا(ائتلاف دولە القانون)بەسەرۆکایەتی نوری مالکی و هاوپەیمانێتی فەتح کە هادی عامری سەرۆکایەتی دەکرد،سەبارەت بە سوننەکانیش هاوپەیمانێتی نبشتیمانی(ائتلاف الوطنیە)ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکرد و هاوپەیمانێتی بڕیاری عێراقی(تحالف القرار العراقی)ئوسامە نوجێفی سەرۆکایەتی دەکرد و وە کۆمەڵێ هاوپەیمانی تر لە هەردوولا پێکهێنرا، سەبارەت بە کوردیش هیچ هاوپەیمانەتیەك لە ئارادانەبوو لە هەرێم چونکە دەنگەکانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم کە 44 کورسیە بۆ لایەنە کوردیەکان مسۆگەر بوو[12]، وە بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش سەرەتا وا باسکرا کە کورد لەو ناوچانە بەیەك لیست دادەبەزێت و هاوپەیمانەتیەك پێکدەهێنێت بەناوی (لستی ئاشتی کوردستانی (قائمة السلام الکوردستانیة) ئەم هاوپەیمانەتیە لە ی.ن.ك و پ.د.ك و حزبی شوعی کوردستان پێکدەهات کە خالید شوانی سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام دواتر پارتی بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنی دا لە کەرکوك و دوزخورماتوو هەر بۆیە لیستەکە بە کردەوە تووشی هەڵوەشانەوە هات، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی کورد لەم ناوچانە کە کورد نەتوانێت وەکو ڕابردوو ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت لە پرۆسەی سیاسی عێراق.

هەر بۆیە جگە لە لیستی نیشتیمانی نەبێت ماوە کە پێکدەهات لە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی وهاوپەیمانێتی لە پێناو دیموکراسی و دادپەروەری، وە د.یوسف محەممەد سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکایەتی دەکرد. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق (هاوپەیمانێتی سائیرون) بەسەرۆکایەتی موقتەدا سەدر توانی بەبردنەوەی 54 کورسی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت و هاوپەیمانێتی فەتحیش بە بردنەوەی 47 کورسی پلەی دووەمی بەدەستهێنا کە عامری سەرۆکایەتی دەکرد،وە پارتی دیموکراتیش بوە خاوەنی 25 کورسی یەکێتی نیشتیمانیش 18 کورسی بەدەستهێنا و وە بزوتنەوەی گۆڕانیش 5 کورسی[13].عورفی سیاسیش وایە کە کوتلەی براوە کابینەی حکومەت پێکدەهێنێت. دوای ئەوەی لایەنە سیاسیەکانی عێراق نەگەیشتنە ڕێکەوتن بۆ دیاریکردنی کەسێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران،بە ناچاری پەنایان بۆ کەسێك لە

---

[11] پەرویز ڕەحیم قادر،هەڵبژاردنەکانی عێراق و سیناریۆیەکانی داهاتووی پێگەو پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق،گۆڤاری شرۆڤە،گۆڤارێکی وەرزی سیاسی و فکریە،ژمارە 27،ساڵی2018،لا10.
[12] م.دڵخواز اسماعیل عزیز،نجیبە ئیبراهیم احمد،سەرچاوەی پێشوو،لا1-2.
[13] هەمان سەرچاوە،لا3-4.

Commented [ar23]: ؟
Commented [ar24]: زۆرترین کورسی پەرلەمانی نەک هەموو کورسیەکان چونکە ئەوە مەحاڵە.
Commented [ar25]: هەروەها لیستی حکمەی عمار حەکیم و لیستی سائیرون کە زۆرترین کورسیان بە دست هێنا کە سەر بە ڕەوتی سەدرن.
Commented [ar26]: سەرچاوە.
Commented [ar27]: ئەم ڕستەیە تێناگەم؟؟؟

دەرەوەی لیستی خۆیان برد کە (عادل عەبدولمەهدی)بوو. عەبدولمەهدی کە هیچ لیست وکورسیەکی لە پەرلەمان نەبوو وەك کاندیدی تەوافقی بەپاڵپشتی کورسیەکانی سەدر و عامری کە زۆرینەبوون لە پەرلەمان وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا واتا مەهدی لە دەرەوەی پەرلەمان و هاوکێشە سیاسی حکومەتی پێ سپێردرا لە ئۆکتۆبەری 2018[14]. دوای ئەوەی مەهدی لە 25ی ئۆکتۆبەری 2018کابینەی حکومەتی فیدراڵی دامەزراند ئەوەی جێگای تێبینی بوو قەبارەی بەرنامەی حکومەتەکەی لە لایەك زۆر دوور ودرێژبوو لە لایەکی تر زیاتر چارەسەرکردنی کێشە سەرەتایەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەگرتەوە[15] هەرچەند حکومەتەکەی مەهدی بەیەکێك لەو حکومەتانە دادەنرێت کە زۆرترین پسپۆری تێدا کۆبۆتەوە بەبەراورد بەحکومەتەکانی ڕابردوو، بەڵام لاوازترینە لە وەستان بەڕووی هێزە سیاسیەکان و ڕووبەڕوی کۆمەڵێك ئاستەنگی سیاسی و ئابووری وئەمنی دەبێتەوە لە دیارترینیان سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ناوچە ئازادکراوەکان لە باکوور و ڕۆژئاوا وناوەڕاستی عێراق و دۆسیەی نەوت و غازو ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و وێرای بوونی چەندین پرس و دۆسیەی تری تایبەت بە بواری سیاسی و ئەمنی و........هتد[16].

دوای پشتیوانیکردنی کورد و زۆرینەی سوننە و شیعە لە کابینەکەی مەهدی لە لایەنی کوردستانیەوە پ.د.ك مەرجی ئەوەی بۆ مەهدی دانا کە چوار وەزارەتیان پێبدرێت و خۆشیان کاندید دەستنیشان بکەن نەك عەبدولمەهدی دەستنیشانی بکات، هەرچەند کابینەکەی مەهدی متمانەی پێدرا بەڵام بەشێك لە وەزارەتە سیادیەکان بێ وەزیر مانەوە[17]. لە کۆتایی 2019 مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان سەردانی عێراقی کرد ئەوە یەکەم سەردانی بوو دوای ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر بۆ پیشاندانی نیازپاکی، بارزانی لەو سەردانەیدا هەوڵیدا بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی نوێ لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی وچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بەتایبەت پرسی بودجە و نەوت. دوای ئەوەی کەوا بڵاوکرایەوە کە ڕێکەوتنێکی نهێنی لە نێوان بارزانی و مەهدی کرایە و ئەم ڕێکەوتنە بۆ ماوەی یەك ساڵە کە بەغدا مانگانە بڕێك پارە بۆ هەرێم دەنێرێت بەبێ ئەوەی هەرێم نەوت ڕادەستی بەغدا بکات[18]، ئەم نەرمی نواندن و هەڵوێستەی مەهدی بێگومان بۆقایمکردنی پێگەی خۆی بوو لە پەرلەمان کە پێویستی بە کوتلەیەکی گەورەی وەك پارتیە،دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری 2019 خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە عێراق بەڕێوەچوو کەسەرەتا لە پارێزگای بەسرە دەستی پێکرد بەڵام دواتر سەرجەم پارێزگاکانی عێراقی گرتەوە جگە لە هەرێم. خۆپیشاندەران دروشمی "نیشتیمان

---

14 ناوی نوسەر نییە،کێشە کەڵەکەبووەکانی عێراق چاوەڕوانی عەبدولموهدی دەکەن،دامەزراوەی میدیای درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە 29-11-2019وبەرواری سەردان18-3-2021،کات10:18ص،
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=2347

15 د.چواس حسن،پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە دوو ڕیانی یەکێتی فیدڕاڵی و کۆنفیدڕاڵیدا،ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو،بەرواری بڵاوکردنەوە13-2-2019،بەرواری سەردان12-2-2021،کات 9:16م،لا3.

16 فازل حەمەڕەفعەت،بەرهەم سالح دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران وەردەگرێت،دامەزراوەیی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە25-10-2018،بەرواری سەردان18-3-2021،کات3:15م،
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=4912

17 ناوی نووسەر نییە،ئێوارەی ئەمڕۆ کابینەی حکومەتی عێراق ڕادەگەیەنرێت،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە24-10-2018،بەرواری سەردان 18-3-2021،کات3:30م،
.https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=2340

18 محەمەد ڕەئوف،فازل حەمەڕەفعەت،بارزانی و عەبدولمەهدی ڕێکەوتنێکی ژێربەژێریان لەسەر بودجە کردوە،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە20-1-2019،بەرواری سەردان 18-3-2021،کات2:36م،
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=3008

**Commented [ar28]:** بەڵام نەیتوانی تەواوی کابینەکەی پێکبهێنێ لە خوارەوەش ئاماژەت بۆکردووە.

**Commented [ar29]:** کۆببوەوە

**Commented [ar30]:** بووەوە

**Commented [ar31]:** کوتلەی گەورەیە بەڵام کوتلەی گەورەتر هەن کە مەبەستم لە لیستە شیعیەکانی کاریگەر بە ئێرانن.

**Commented [ar32]:** لە ١ ی ئۆکتوبەری

**Commented [ar33]:** نیشتمانمان

دەوێت" بەرزکردەوە کە کۆمەڵێك داواکاریان هەبوو وەکو دامەزراندن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و داماڵینی چەك وکۆتایی هێنان بە پشکێنەی تائیفی و دەستتێوەرنەدانی دەرەکی.....هتد[19]، خۆپیشاندەران داوای دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیرانیان دەکرد بۆیە مەهدی لەلایەك لەژێر فشاری شەقام دەست لەکاربکێشێتەوە لە لایەکی تر لایەنە سیاسیەکان فشاری مانەوەی لێدەکەن.

ساڵێك دوای دەستبەکاربوونی کابینەکەی مەهدی وەك کاندیدی تەوافوقی هەردوو جەمسەرە ململانێکەرەکەی شیعە عامری وسەدر وەك سەرۆك وەزیران هەڵبژێردرا،لە کۆتایەکانی تشرینی دووەمی 2019"عەلی سیستانی"ڕێبەری باڵای شیعە لە عێراق داوای لە پەڕلەمانکرد ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر و متمانە لە حکومەت وەربگرنەوە دواتر سەرۆك وەزیران ڕایگەیاند (نامەی دەست لەکارکێشانەوەی ئاڕاستەی پەڕلەمان کردوە) بەمەش خۆپیشاندەران کابینەکەی مەهدیان ناچار بەدەست لەکارکێشانەوە کرد[20]. دواتر ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 1-12-2019 نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی مەهدیان پەسەنکرد[21] هەرچەند دەست لەکارکێشانەوەی مەهدی تاکە داواکاری خۆپیشاندەران نەبوو.دوای ئەو پاڵپشتیەی سیاسیەی کە کورد بۆ مەهدی دەربڕی قایلبوون بەوەی لە بودجەی 2019 مانگانە موچەی فەرمانبەران بنێریت بەبێ ڕادەستکردنی نەوت و داهاتی ناوەخۆ لەلایەن هەرێمەوە.بەڵام مەهدی لە کۆتایەکانی دەسەڵاتی کارکردنی بەیاسای بودجەی 2019 ڕاگرت ئەمەش واتا هەرێم پێویستە جارێکی تر بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراق[22].لە کاتێکدا مەسعود بارزانی لە بری پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم ڕایگەیاند"پشتیوانی مانەوەی عەبدولمەهدی دەکەین"[23].هۆکاری ڕووخانی کابینەکەی عەبدولمەهدی بەهۆی ئەوەیە هیچ کورسی و لیستێکی لە پەڕلەمان نەبوو کە پاڵپشتی لێبکات سەرەڕای نەبوونی پاڵپشتی ئێرانی و ئەمریکی بۆ کابینەکەی بە تایبەت دوای دەرکردنی بڕیاری هێزی بیانی لە عێراق.لە کۆتایی ئەم باسە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی هەرێم و بەغدا لەسەردەمی کابینەکەی مەهدی سەرەتا بەرەو باشتربوونی پەیوەندیەکان هەنگاوی نا بەهۆی دەستپێشخەریەکانی هەردوولاوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوانیان بەڵام دواتر بەهۆی ئەو ڕووداوو و بارودۆخەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویدا پەیوەندیەکان وەکو ڕابردوو بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ مانەوە.

## باسی سێ یەم: پەیوەندیەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کابینەکەی مستەفا کازمیدا 2020تا ئەمڕۆ

Commented [ar34]: ئەمە زیادە بە رای من پەیوەندی بە بابەتەکەتەوە نییە، گرنگە باس لە پەیوەندی هەرێم و بەغدا بکەی لە سەردەمی مەهدی کە کێشەکان چی لێهات.

Commented [ar35]: ئەمە بسڕەوە مانای رستەکەی تێکداوە.

Commented [ar36]: بنێردرێت

Commented [ar37]: لەلایەن کێیەوە؟

Commented [ar38]: وا دەردەکەوێت ...

Commented [ar39]: بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان.

---

[19] فازل حەمەڕەفعەت،ئۆکتۆبەر ئەو شۆڕشەی موچەی هەرێمی بڕی،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە1-10-2020،بەرواری سەردان18-3-2021،کات1:45م،https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=6738

[20] ناوی نوسەر نییە،عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش پەرلەمانکرد بەهۆی ناڕەزایەتیەکانەوە.سایتی فڕانس24،بەرواری بڵاوکردنەوە29-11-2019،بەرواری سەردان17-3-2021،کات9:20ص،
https://www.france24.com/ar/20191129-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3-%D8%A7%D9%84%D9%88%D8%B2%D8%B1%D8%A7%D8%A1-%D8%B9%D8%A7%D8%AF%D9%84-%D8%B9%D8%A8%D8%AF-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%87%D8%AF%D9%8A-%D8%B3%D9%8A%D9%82%D8%AF%D9%85-%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%82%D8%A7%D9%84%D8%AA%D9%87-%D9%84%D9%84%D8%A8%D8%B1%D9%84%D9%85%D8%A7%D9%86-%D8%B9%D9%84%D9%89-%D8%AE%D9%84%D9%81%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AD%D8%AA%D8%AC%D8%A7%D8%AC%D8%A7%D8%AA

[21] ناوی نووسەر نییە،دوای دەست لەکار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی عێراق بەرەو کوێ دەڕوات،سایتی بی بی سی عرەبی، بەرواری بڵاوکردنەوە1-12-2019،بەرواری سەردان17-3-2021،کات9:30ص،
https://www.bbc.com/arabic/interactivity-50623018

[22] فازل حەمەڕەفعەت،ئۆکتۆبەر ئەو شۆڕشەی موچەی هەرێمی بڕی،سەرچاوەی پێشوو.

[23] ناوی نووسەر نییە،عەبدولمەهدی لە هەینیەکی سەختدا،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە 25-10-2019،بەرواری سەردان17-3-2021،کات11:20ص، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=4710

دوایی دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لەژێر فشاری خۆپیشاندانەکانی عێراق، سەرۆك کۆماری عێراق (بەرهەم سالّح) چەندین کەسایەتی دیکەی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت لە دیارترینیان (محەممەد تۆفیق عەلاوی) لە شوباتی 2020 و دوای ئەویش (عەدنان زورفی) بوو لە ئاداری 2020[24]. بەهۆی ئەوەی ئەو حکومەتەی کە پێکدەهێنرێت حکومەتێکی کاتیە و تەنها بۆ یەك ساڵە دوای ئەویش هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکرێت،دوای ئەوەی هەریەك لە عەلاوی و زورفی نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن، سەرۆك کۆمار سێیەمین کەسایەتی ڕاسپارد کە (مستەفا کازمی) بوو بۆ پێکێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق لە نیسانی 2020 ئەمەش دوای ئەوەی زورفی بەفەرمی پاشەکشێی کرد لە ڕاسپاردنی[25]،دوای ڕاسپاردنی مستەفا کازمی هەریەك لە ی.ن.ك و پ.د.ك لە زاری بەرپرسە باڵاکانیەوە پیرۆزبایی خۆیان لە کازمی کرد،ئەو زوو پیرۆزبایی ئەوان بووە هۆی کە عادل عەبدولمەهدی لە دوا ساتی دەسەڵاتەکەی مووچەی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت بەمەش باجی ئەمە خەڵکی کوردستان و مووچەخۆرانی هەرێم دایان[26].وە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 7ی ئایاری 2020 متمانەی بەخشیە سێیەمین سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو بە زۆرینەی دەنگ،دوای دەستلەکارکێشانەوەی مەهدی بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج مانگ وڵات بە حکومەتێکی کاربەڕێکەر بەڕیوە دەبرا[27]،سەرەڕای پشتیوانیکردنی کورد بۆ حکومەتەکەی کازمی بەڵام کۆمەڵێ مەرجی هەبوو کە هەمان ئەو مەرجە کەڵەکەبووانەی حکومەتەکەی مەهدی بوون وەك جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستور و پشکی کورد لە بودجە و حکومەتی عێراق و پابەندبوون بە هەموو ئەو ڕێکەوتنانەی کە پێشتر لەگەڵ مەهدی ئیمزاکراوە[28].

لە 15ی ئابی 2020ڕێکەوتنێك لە نێوان هەرێم و حکومەتەکەی کازمی ئیمزاکرا،بە پێی ئەم ڕێکەوتنە عێراق مانگانە بڕی (320ملیار) دینار وەکو موچەی فەرمانبەران بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت لە بەرامبەر ئەمە هەرێم مانگانەڕێژەی 50% داهاتی دەروازە سنوریەکان بۆ ناوەند بگەڕێنێتەوە و ڕێگە بدات بە حکومەتی عێراق چاودێری دەروازەکانی هەرێم بکات تا ئەو کاتەی بودجەی نوێی عێراق پەسەندەکرێت. تەنها دوو جار ئەم بڕە پارەیە بۆ هەرێم هاتووە بە هۆی ڕادەستنەکردنی هیچ داهاتێك بۆ ناوەند و ڕێگەنەدان بەوەی تیمی چاودێری عێراق سەردانی دەروازە سنوریەکان بکات، لە هەمانکاتیشدا ئەم ڕێکەوتنە نەخرابووە چوارچێوەیەکی یاساییەوە[29]. دوای ئەوەی حکومەنەکەی کازمی تووشی کورتهێنانی دارایی هات بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانەش پەنای بۆ وەرگرتنی قەرز برد ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئەو یاساییەی پەسەنکرد لە 12-11-2020 بەبێ بەشداریکردنی کورد بەپێی

---

[24] د.یوسف گۆران و ئەوانی تر،ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی،ڕانانی ئایندەیی ژمارە3،سلێمانی2020،
https://www.centerfs.org/futuristic-readings-no-3-2020-ku/

[25] د.یوسف گۆران و ئەوانی تر،حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووری هەرێمی کوردستان لەمپەرو سیناریۆکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی،ڕانانی ئایندەیی ژمارە 4،سلێمانی2020،
https://www.centerfs.org/future-ranges-no-4-of-year-2020-ku/

[26] ناوی نوسەر نییە،کوردو سوننە پێش شیعە موبارەکەی دانانی کازمیانکرد،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە9-4-2020،بەرواری سەردان 15-3-2021،کات4:40م،
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5661

[27] هیوا سەید سەلیم،کابینەکەی کازمی و پەرتەوازەیی کورد،سایتی ستاندار،بەرواری بڵاوکردنەوە 6-5-2020،بەرواری سەردان17-3-2021،کات12:10ص،
http://skurd.net/2020/05/06/%da%a9%d8%a7%d8%a8%db%8c%d9%86%db%95%da%a9%d9%87%e2%80%8c%db%8c-%da%a9%d8%a7%d8%b2%d9%85%db%8c-%d9%88-%d9%be%db%95%d8%b1%d8%aa%db%95%d9%88%d8%a7%d8%b2%db%95%db%8c%db%8c-%da%a9%d9%88%d8%b1%d8%af/

[28] ناوی نوسەر نییە،هێزە سیاسیەکانی عێراق چیان دەوێت،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە20-4-2020،بەرواری سەردان 15-3-2021،کات4:40م، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5739

[29] محەممەد ڕەئوف،فازل حەمەڕەفعەت،کازمی موچەی فەرمانبەران دەنێرێت،دامەزراوەی میدیایی درەو،بەرواری بڵاوکردنەوە12-11-2020،بەرواری سەردان 23-3-2021،کات11:30م،
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7076

**Commented [ar40]:** لە ماوەی یەک مانگدا کە دیارکرابوو بوویان

**Commented [ar41]:** لێرە گرنگە باس لە سەردانەکانی شاندی حکومەتی هەرێم بکەیت بۆ ریکەوتن لەسەر پرسی بودجەی هەرێم و مووجەی فەرمانبەران.

بەتایبەت کە کابینەی نوێی حکومەتیش لە هەرێم پێکهات لە مانگی ٧ ی ٢٠١٩.

**Commented [ar42]:** سەرچاوە

**Commented [ar43]:** نەگەیشتن بە رێکەوتنی کۆتایی.

ئەو یاسایە بەغدا هیچ بڕە پارەیەك نادات بە هەرێم بەبێ رادەستکردنی نەوت و نیوەی داهاتی حاڵە سنوریەکان[30]، کە ئەمەش بووە مایبەی نیگەرانی لایەنە کوردیەکان لە عێراق. دوای ئەوە کازمی داوای گفتوگۆیەکی نیشتیمانی کرد لە نێوان کورد و سوننە وشیعە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەرچەند کورد و سوننە وشیعە پشتگیری ئەوە دەستپێشخەرییەی کازمیانکرد بەڵام ئەم گفت و گۆیە نەکرا لە نێوانیان[31]، ئێوارەی ئاداری 2021ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە زۆرینەی سادە دەنگی بە هەمواری یاسای دادگای فیدڕاڵی دا و تەنها فراکسیۆنی یەکێتی نبشتیمانی دەنگیان بەو یاسایەدا وهەریەك لە پارتی دیموکرات وهاوپەیمانی هیوا بایکۆتی ئەم دانیشتنەیانکرد بەمەش جارێکی دیکە پەرتەوازەیی و لێکترازان کەوتەوە ناوماڵی کورد، بە پێی ئەو هەموارەی کە لەم یاسایە کراوە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە خۆی دوو ئەندامەکەی دادگای فیدڕاڵی دیاریبکات[32] و لە هەمانکاتدا دادوەری یەدەگ بۆ دادگاکە زیادکراوە کە ئەم دادوەرە لە کاتی ئامادەنەبوونی هەر دادوەرێك دەتوانێت جێگای بگرێتەوەو ولە شوێنی ئەو ئامادە بێت واتا دەتوانێت لە شوێنی دادوەرە کوردەکان دەنگ بدات کە ئەمەش مەترسیە بۆسەر کورد لە هەندێك پرسی هەستیاری نێوان هەولێر و بەغدا[33]. بۆ جێگیرکردنی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی عێراقی 2021شاندی هەرێم چەندیان جار سەردانی عێراقیانکردوە بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتونەتە ڕێکەوتن بە شێوەیەکی فەرمی.

Commented [ar44]: تا ئێستا نەکراوە رەنگە بکرێت ...

Commented [ar45]: ڕێکەوتەکە بە درووستی بنووسە.

Commented [ar46]: لێرەوە ئەبێت دەسکاری بکەیت چونکە لە ٣١ ی ٣ ٢٠٢١ یاسای بودجە پەسەندکرا و پشکی هەرێم جێگیر کرا بە ١٣.٩ کە ئێستا دەبێت رەوانەی سەرۆکایەتی بکرێت دواتر رێوشوین و میکانیزمی جێبەجێبکرێت.

واتە پێویستە ئەم گۆرانکارییە وەکو سەرکەوتنی باس بکەیت لە چاو هەردوو کابینەکەی پێشوو. بۆچوونی خۆت لە کۆتایی وەکو هەڵسەنگاندنی ئەو سێ کابینەیە بخەیتەڕوو.

تێبینی سەرپەشتیار:

- دەسخۆش کارێکی باشت کردووە، هەرچەندە هەستم بە نەبوونی شیکردنەوەی زانستی کرد کە ئەمەش بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی پێوسیت و ئەکادیمی.
- زۆر گرنگە کە تەنها باری کێشەکان نەخەیتەسەر بەغدا واتە لە رووی سۆزی نەتەوەییەوە بەس باس بەغدا بکەی، بەڵکو هەڵویست و بڕیاڕ حکومەتی هەرێمیش بخەڕوو.
- لە کۆتایی مانگی ٣ی ٢٠٢١ یاسای بودجە پەسەندکراو پشکی کورد پەسەندکرا. دەبێت ئاماژە و باس لەمە بکەی و ئەنجام و هەڵسەنگاندنی خۆت باس بکەی.
- تایبەت بە بەشی ٢، زیاد لە جارێک خوێندمەوە و تێبینیم نووسی، بۆیە پێویست ناکات دووبارە بیخوێنمەوە گرنگ تێبینەکانمنت جێبەجێ کردبێت.

---

30 ناوی نووسەر نییە،بڕیار لەسەر یاسای قەرزدرا کورد دەبێت هەموو داهاتەکانی ڕادەستی بەغدا بکات،سایتی سپی میدیا،بەرواری بڵاوکردنەوە 12-11-2021،بەرواری سەردان16-3-2021،کات9:27ص، http://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=96910&Jor=2

31 هەڵکەوت عەزیز،کورد وسوننە وشیعە وەڵامی دەستپێشخەریەکەی کازمی دەدەنەوە،تۆڕی میدیایی ڕووداو،بەرواری بڵاوکردنەوە10-3-2021،بەرواری سەردان،13-3-2021،کات4:30 ص، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/090320215

32 ناوی نوسەر نییە،یەك فراکسیۆنی کوردی دەنگی بە هەمواری یاسای دادگای فیدڕاڵیدا،سایتی شار پرێس،بەرواری بڵاوکردنەوە18-3-2021،بەرواری سەردان23-3-2021،کات11:30م، https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=187631

33 ناوی نوسەر نییە،پرۆژە یاسای دادگای فیدڕالی پەسەندکرا،تۆڕی میدیایی ڕووداو،بەرواری بڵاوکردنەوە18-3-2021،بەرواری سەردان 23-3-2021،کات11:40م، https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/1803202112?ID=569008&fbclid=IwAR1qrlhTmHDwIN8v6dlte4fUlk_pMTJ0QjF6Lqc62duSNV3qGcowTSEOJ20#Article569008